# کۆمەڵێك لاوی کوردی شاری هانۆڤەر تیپێکی تۆپی پێیان دروستکردووەو بەشداری خولی ئەو شارە دەکەن!



ئا: تیشکۆ

کۆمەلیك لە گەنجان و لاوی کوردی شاری هانۆڤەر لە ئەلمانیا لەنیو خۆیاندا تیپیکی تۆپی پییان دروستکردووەو لە خولی تۆپی پیی (ئیفاو)ی پلە سیی ئەو شارەدا بەشداری دەکەن.

کاك سەرکەوت خەسرەو کە یەکێکە لە ئەندامە سەرەکییەکانی تیپەکەو لەگەڵ محەمەد شەبیبدا سەرپەرشتی تیپەکە دەکات بەم دواییە گەڕاوەتەوە سلێمانی و سەبارەت بەم تیپە بە پشووی کوردستانی نوێی ڕاگەیاند.

کۆمەڵێك گەنج و لاوی شارەکانی کوردستان بەتایبەت هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر کە لەشاری هانۆڤەر دەژین ئەم تیپەمان دروستکردووە، تیپەکە خۆمان لەنێو خۆماندا خەرجی بۆ کۆدەکەینەوە، جگە لەوەش کاك حەمە ساڵح کە خەڵکی سلێمانییەو لە شارەکەی ئێمە دەژی بۆ هاندان و بەردەوامی تیپەکە شتێك فانیلەو شۆرت و گۆرەوی بۆ کڕیوین، جگە لەمەش کوردەکانی تری ئەم شارە یارمەتی مادی و مەعنەوی تیپەکە دەدەن.

سەبارەت بە بەشداریکردنیشیان لە خولەکانی ئەو شارەدا وتی:

–تیپەکەمان لە خولی (ئێفاو) پلەسێدا بەشدارەو لەم خولەشدا نزیکەی (25) تیپی تیادا کۆبووەتەوە،خولەکە تەنیا دوو مانگی کۆتایی ساڵ نەبێت کە لەبەر سەرماو باران یارییەکانی ڕادەگیرێت ئیتر بە درێژایی ساڵ هەموو هەفتەیەك ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە یارییەکانی بەڕێوەدەچن.

هەروەها وتی:

–تائێستا لەم خولەدا هیچ پلەیەکی باشمان بە دەست نەهێناوە، بەڵام برانەوەو ئەنجامی باشمان زۆرەو تیپەکەشمان لە ساڵی 1998ەوە دامەزراندووە.

لە درێژەی قسەکانیشدا سەبارەت بە ناوی یاریزانان و شارەکانیان دەڵێت:

زۆربەی یاریزانەکانمان خەڵکی هەردوو شاری هەولێرو سلێمانین و ئەوانیش ( ڕەوەند، سیامەند، کەمال، عیسام، تایەر، شەماڵ، محەمەدشبین، ئەحمەد، نەجم) خەڵکی هەولێرو (سەرکەوت، فوئاد، هەندرێن، هەورامان، جوتیار) خەڵکی سلیمانی و (گەیلان) خەڵکی ڕەواندوز.

شایانی باسە کاك سەرکەوت پێش ئەوەی ڕووبکاتە هەندەران یەکێك بووە لە یاریزانە چاکەکانی تۆپی پێی یانەی سلیمانی و لە هەمانکاتدا یاریزانی تیپی تۆپی دەستی هەمان یانە بووەو بۆ هەڵبژاردەی پەروەردەی سلیمانی و تیپە میللیەکانیش یاری کردووە.

## وەرزش نامەی ئاشتی و دیموکراتییە

وەرزش و گیانی وەرزشیی ئەو کەناڵە گرنگ و پڕ بایەخ و پرشنگدارو درەوشاوەیەیە لە ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا شوێنی شیاوی خۆی هەیەو یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی شارستانیەت و کۆمەڵگای پێشکەوتوو، تا زیاتر کەش و هەوای لەباری بۆ بڕەخسێت و ئارامیی و خۆشگوزەرانیی و یاسا بەرقەرار بێت، ئەویش وەکو دارستانی خۆڕسك و سروشتیی زیاتر گەشە دەکا و جوانترو گەشتر دەبێت، مێژووی وەرزش و دیموکراتییەت زۆر لە یەکەوە نزیکن. وەرزش کەسایەتییەکی دەوێت کە هێمن و لەسەرخۆو دڵفراوان و تێکۆشەرو خۆڕاگر بێت، بێگومان ئەو گیان و ئەخلاقیەتەش لە هەر شوێنێ بچەسپێت و بەرفراوان بێت بە دڵنیاییەوە پیادەکردنی دیموکراتیەت دەچەسپێ، وەرزش فێرمان دەکات چۆن یەکبگرین لە چوارچێوەی تیپێکی وەرزشیدا بە ئازادیی و بە خواستی خۆیی وەك هیوایەت و بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو پەیوەستبوونی هەموو ئەندامانی تیپەکە بە چاکترین شێوەی دیسپلین و ململانێی وەرزشکارانەوە، هەوڵدان و راهێنانی ئەندامان بە شێوەی باشترو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی یەکتری و یاریکردن و ئارامگرتن و راهێنان و کۆبوونەوەو هاندانی جەماوەری وەرزشکاران. بە دڵفراوان وەرگرتنی هەموو ئەنجامەکانی دۆڕان و بردنەوەیەك بە گیانی وەرزش و خۆئامادەکردنی ئەندامانە بۆجارێکی تری یاریی وەرزش دژ بە خۆپەرستیی. چالاکییە وەرزشییەکان لەیەکەوە نزیکن بە کەمتەرخەمیی کردنی هەر ئەندامێك لە شوێنێکدا دەبێتەهۆی پاڵپەستۆ لە سەر شوێنەکانی تری، شوێن لەگەڵ شوێندا جیاوازەو ڕۆڵ و گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چەند هاوئاهەنگ و کۆك و تەبابن چەند گوێ رایەڵبن لەگەڵ یەکتردا بێگومان زیاتر سوودمەندو چاکترو بە تواناتر دەبن، بە پێچەوانەشەوە چەند کەم تاکییەکان و توانا تاك و کەسییەکانیش سوودی خۆی هەیە لە ناو کۆمەڵ و گۆڕەپان و تیپە وەرزشییەکاندا بەرچاو دەکەون، وەرزش پێناس و پاسە پۆرتێکی چاکە بۆخۆناساندن و چوونە ناو کۆمەڵگا جیا جیاکانی جیهانەوە بە هۆی ململانێیە وەرزشی و گیانە وەرزشییەکەوە، لە هەمان کاتدا ناوو ناوبانگێکی باشە بۆ خۆناساندن و ململانێی دۆستایەتی و یەکتر ناسین و دەرخستنی بەهەرەو تواناکانە لە ڕووی وەرزش و رەوشت بەرزی و توانای هونەری و شارستانی و میوان دۆستی و برایەتی خۆشەویستییەوە، هەروەها فێرمان دەکات کە چۆن گوێ رایەڵی یاساو رێنماییەکی یاسابین و لەو پەڕی سەرکەوتن و ژێرکەوتندا گوێبیستی فیکەو رێنمایی ناوبژیوانی گۆڕەپانی بین چ فەرمانێك بدات بە گشتی و تایبەتی بەبێ گفتوگۆو دوودڵی، چاوەڕوانی رێنمایی و پاداشت و سزای دوای فیك بین جێیخۆیەتی لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەوە زۆر بە چاکی و پراکتیکی گرنگی بە وەرزش و گیانی وەرزشی بدەین لە ناو خێزان و گەڕەك و گوندو شارو شارۆچکەکاندا، چونکە وەرزش فێرمان دەکات کە چۆن ملکەچی یاسابین و بە کۆمەڵ ئیشکردن بۆیەك مەبەست و هاوکار تەبا ببین، بێگومان هەموو ئەمانەش هۆکارێکە بۆ تەقڵیەتی مەدەنیەت و شارستانیەت و هۆکارە بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ لەسایەی وەرزشدا.






# پیلێ و مارادۆنا کامیان لە ترۆپکی فوتبۆلی جیهاندان؟

**حەمە بچکۆل**

کاتێك مەزنترین پسپۆڕی فوتبۆڵ لەجیهاندا بیر لەوە بکاتەوە کە بەراوردی نێوان هەردوو یایزانی فوتبۆڵی جیهان (پیلیەی بەرازیلیو مارادۆنای ئەرجەنتینی) بکات، ئەوا سەری لێتێکدەچێ! نازانێت کامیان بخاتە پێش ئەوی تریانەوە! وەکو ئەوە وایە مرۆڤ خۆی پرسیار لەخۆی بکاتو بڵێ: ئایا چیا بڵندترە، یاخود ئۆقیانووس قووڵترە!! لەڕاستیدا ئەم دوو یاریزانە ناودارە هەریەکەیان یاریزانی سەردەمێك بوون، هەریەکەیان سیفاتی هونەرییو جەماوەری زۆرو زەبەندی تایبەتی خۆی هەبووە، هەردووکیان ماوەیەکی زۆر دنیایان بە خۆیانەوە خەریك کردبوو، بووبوونە خەونو خەیاڵی وەرزشکارانی سەرانسەری جیهان.

لێرەدا بەگوێرەی تواناو ئەقڵی کولی وەرزشیم لەم خشتەیەدا بەراوردی ئەم دوو یاریزانە جیهانییە دەکەم، هیوادارم سەرنجی خوێنەرانی (پشووی کوردستانی نوێ) بۆ ئەم بابەتە ڕابکێشمو لە دەرگای ئاستی هونەریی راستەقینەی هەردوو یاریزانی سەدە (القرن)م دابێ:

**کورتەیەك لەمێژوی ژیانی وەرزشی هەردووکیان**

– **پیلیە**: ساڵی 1941 لەدایکبووە، لە یانەی سانتۆسی بەرازیلیو کۆزمۆرسی ئەمەریکی یاریکردووە، لەمۆندیالەکانی 1958– 1962–1966 –1970دا یاریکردووە.

سێ جار کاسی جیهانی لەگەڵ تیپی بەرازیلو لە ساڵانی 1958،1962،1970دا بەدەستهێناوە.

**مارادۆنا**: ساڵی 1960 لەدایکبووە، لە یانەی بۆکاجۆنیۆری ئەرجەنتینیو بەرشلونەی ئیسپانیو ناپۆلی ئیتاڵی یاریکردووە، لە مۆندیالەکانی 1982– 1986– 1990و 1994دا بەشداریکردووە، لە مۆندیالی 1986دا لەگەڵ تیپەکەدا کاسی جیهانی بەدەستهێناوە.

**پێکهاتەو لێهاتوویی جەستەیی**

*بەرزیی باڵای پیلیە 1.70مو کێشی 75–78کغم بوو کاتێك یاریدەکرد.

*بەرزیی باڵای مارادۆنا 1.60مو کێشی 70–75کغم بوو کاتێك کەیاریدەکرد.

*هەردووکیان لەشولاریان پڕو تۆکمەو بەهێزبوو، بەرگەی لێدانو پێکداکێشانیان دەگرت، بەڵام لەشولاری مارادۆنا بەهێزترو تۆکمەتربوو، زیاتر لە یاریزانی ئاسنبەرزکردنەوە دەچوو.

*هەردووکیان جوڵانەوەیان جوانڕۆ (راشیق)و سوکەڵە (الخفە)و هەردووکیان بە تۆپو بێ تۆپ خێرابوون، هەناسە درێژبوون (المطاولة) لە یاریگادا، بەڵامپیلیە لەشولاری نەرمتربوو (المرونە).

**جیاوازی ئاستو چۆنێتی یاریکردنی سەردەمی هەردووکیان**

*سەردەمی (پیلیە) ترپە (ایقاع)ی یاری خاوتر بوو، لێهاتوویی جەستەیی نزمتربوو، بەڵام ناوبژیوان کەمتر یاریزانی دەپاراست، بەتایبەتی یاریزانە بەناوبانگەکان زیاتر لێدەدرانو تووشی تەنگژەو ئازار دەبوون.

*سەردەمی (مارادۆنا) ترپەی یاری خێراترو، لێهاتوویی جەستەیی بڵندتر بوو، بەتایبەتی لایەنی هێزو خێرایی، بەڵام بەگوێرەی ئەم یاسا نوێیانە یاریزان زیاتر لەلایەن ناوبژیوانانەوە دەپارێزران.

**تەکنیکی یاریکردنیان بە تۆپ**

*پیلیە بەپێی ڕاستو چەپو سەر یاریدەکرد، مارادۆنا بە زۆریی بە پێی چەپ یاریدەکرد، بەڵام هەروەکو دەست ئیشی بەپێی چەپی دەکرد.

*هەردووکیان شارەزابوون لە لێدانی هاندبۆڵی راستەوخۆو ناراستەوخۆداو گۆڵی سەرسوڕهێنەریان دەکرد بەمشێوەیە:

*هەردووکیان لە پانتایی فراوانو تەسكو تەنگەبەردا وەك یەك یارییان دەکرد.

*لەناوهێڵی سزاو دەرەوەی هێڵی سزادا هەردووکیان گۆڵکەربوون.

*هەردووکیان گۆشەی بینین (زاویە النظر)یان یەك بازنەی تەواو (360) پلەبوو لەیەك کاتدا یاریزانی هەردوو لاو بۆشاییەکانو تۆپەکەیان دەبینی.

*هەردووکیان دەیانتوانی لێسەندن بکەنو بە خۆیانو بە تۆپەکەوە لە چەند یاریزانێکی تیپی بەرامبەر ڕەت بن، بەڵام (پیلیە) تۆپەکەی دەخستە نێوان هەردوو پێیەوە، (مارادۆنا)ش تۆپەکەی بە نوکی پێی چەپییەوە دەگرت.

*هەردووکیان لە هێڵی ناوەڕاستو هێڵی هێرشدا یارییان دەکردو گۆڵکەریشو یاری پێکهێنەریش (صانع الالعاب) بوون.

*(پیلیە) لە سەرلێداندا، بەتایبەتی لەخۆهەڵدانی سەرلێدانی هاوبەشدا لە (مارادۆنا) باشتر بوو.

**ڕەوشتو خوی یاریگاو دەرەوەی یاریگایان**

*لەناو یاریگادا (پیلیە) هێمنترو بێکێشەتربوو لە (مارادۆنا).

*لە دەرەوەی یاریگا (پیلیە) بێکێشەو لە قولەڕەشە کەم قسەکانە، لەدەرەوەی یاریگا (مارادۆنا) چەندین جۆر کێشەی قاچاخچێتیو تلیاكو حەشیشەی هەبوو.

*(پیلیە) مادەی وزەبەخشی (المنشطات) بەکار نەدەهێنا، بەڵام (مارادۆنا) مادەی وزەبەخشی بەکاردەهێناو ئەوەبوو لە مۆندیالی (1994)دا ئاشکرابوو، لە خولەکەش دەرکرا.

# خشتەی کاتو شوێنی دوا یارییەکانی مۆندیالی (2002)




خشتەی کاتو شوێنی دوا یارییەکانی مۆندیالی (2002) کە(32) هەڵبژاردە تیایدا بەشدارنو دابەشی سەر (8) گروپی (4) تیپی کراون بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە:–

*گروپی یەکەم (A): فەرەنسا× سەنیگال، ئۆرۆگوای، دانیمارك.

*گروپی دووەم (B): ئیسپانیا، سلۆڤینیا، پاراگوای، ئەفریقای باشوور.

*گروپی سێیەم (C): بەرازیل، تورکیا، چین، کۆستاریکا.

*گروپی چوارەم (D): کۆریای باشوور، پۆڵەندا، پورتوگال، ئەمریکا.

*گروپی پێنجەم (E): ئەڵمانیا، سعودیە، کۆماری ئایرلەندا، کامیرۆن.

*گروپی شەشەم (F): ئەرجەنتین، نایجیریا، ئینگلتەرا، سوید.

*گروپی حەوتەم (G): ئیتالیا، ئۆکوادۆر، کرواتیا، مەکسیك.

*گروپی هەشتەم (H): ژاپۆن، بەلجیکا، روسیا، تونس.

| ژ | ڕۆژو بەروار | یاری | گروپ | یاریگا | کات |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەینی 5/31 | فەرەنسا× سەنیگال | A | سنجام مابۆکۆ | 3:30 |
| 2 | شەممە 6/1 | ك. ئایرلەندا× کامیرۆن | E | بیج سوان | 10:30 |
| 3 | شەممە 6/1 | ئۆرۆگوای× دانیمارك | A | ئۆلسان منسو | 1:00 |
| 4 | شەممە 6/1 | ئەڵمانیا× سعودیە | E | ساپۆرۆ | 3:30 |
| 5 | یەکشەممە 6/2 | ئینگلتەرا× سوید | F | سیتاما | 9:30 |
| 6 | یەکشەممە 6/2 | پاراگوای× ئەفریقای ب | B | بۆسان | 11:30 |
| 7 | یەکشەممە 6/2 | ئەرجەنتین× نایجیریا | F | ئیباراکی | 1:30 |
| 8 | یەکشەممە 6/2 | ئیسپانیا× سلۆڤینیا | B | جوانجو | 3:30 |
| 9 | دووشەممە 6/3 | کرواتیا× مەکسیك | G | بیج سوان | 10:30 |
| 10 | دووشەممە 6/3 | بەرازیل× تورکیا | C | ئۆلسان منسو | 1:00 |
| 11 | دووشەممە 6/3 | ئیتالیا× ئۆکوادۆر | G | ساپۆرۆ | 3:30 |
| 12 | سێشەممە 6/4 | چین× کۆستاریکا | C | کوانجو | 10:30 |
| 13 | سێشەممە 6/4 | ژاپۆن× بەلجیکا | H | سیتاما | 1:00 |
| 14 | سێشەممە 6/4 | کۆریای ب× پۆڵەندا | D | بۆسان | 3:30 |
| 15 | چوارشەممە 6/5 | روسیا× تونس | H | کوپ وینج | 10:30 |
| 16 | چوارشەممە 6/5 | ئەمریکا× پورتوگال | D | سون | 1:00 |
| 17 | چوارشەممە 6/5 | ئەڵمانیا× ك. ئایرلەندا | E | ئیباراکی | 3:30 |
| 18 | پێنجشەممە 6/6 | فەرەنسا× ئۆرۆگوای | A | بۆسان | 10:30 |
| 19 | پێنجشەممە6/6 | سعودیە× کامیرۆن | E | سیتاما | 1:00 |
| 20 | پێنجشەممە 6/6 | سەنیگال× دانیمارك | A | دایجو | 3:30 |
| 21 | هەینی 6/7 | نایجیریا× سوید | F | کوپ وینج | 10:30 |
| 22 | هەینی 6/7 | ئیسپانیا× پاراگوای | B | جیونجو | 1:00 |
| 23 | هەینی 6/7 | ئەرجەنتین× ئینگلتەرا | F | ساپۆرۆ | 3:30 |
| 24 | شەممە 6/8 | سلۆڤینیا× ئەفریقای ب | B | دایجو | 10:30 |
| 25 | شەممە 6/8 | ئیتالیا× کرواتیا | G | ئیباراکی | 1:00 |
| 26 | شەممە 6/8 | بەرازیل× چین | C | شیجۆ | 3:30 |
| 27 | یەکشەممە 6/9 | ئۆکوادۆر× مەکسیك | G | مییاجی | 10:30 |
| 28 | یەکشەممە 6/9 | تورکیا× کۆستاریکا | C | مونهاك | 1:00 |
| 29 | یەکشەممە 6/9 | ژاپۆن× روسیا | H | یۆکۆهاما | 3:30 |
| 30 | دووشەممە 6/10 | کۆریای ب× ئەمریکا | D | دایجو | 10:30 |
| 31 | دووشەممە 6/10 | بەلجیکا× تونس | H | بیج ئای | 1:00 |
| 32 | دووشەممە 6/10 | پۆڵەندا× پورتوگال | D | جیونجۆ | 3:30 |
| 33 | سێشەممە 6/11 | فەرەنسا× دانیمارك | A | مونهاك | 10:30 |
| 34 | سێشەممە 6/11 | سەنیگال× ئۆرۆگوای | A | سون | 10:30 |
| 35 | سێشەممە6/11 | ئەڵمانیا× کامیرۆن | E | یۆکۆهاما | 3:30 |
| 36 | سێشەممە 6/11 | سعودیە× ك. ئایرلەندا | E | شیزۆکا | 3:30 |
| 37 | چوارشەممە 6/12 | ئەرجەنتین× سوید | F | میاجی | 10:30 |
| 38 | چوارشەممە 6/12 | نایجیریا× ئینگلتەرا | F | ئیباراکی | 10:30 |
| 39 | چوارشەممە 6/12 | ئیسپانیا× ئەفریقای ب | B | دایجیون | 3:30 |
| 40 | چوارشەممە 6/12 | سلۆڤینیا× پاراگوای | B | شیجۆ | 3:30 |
| 41 | پێنجشەممە 6/13 | بەرازیل× کۆستاریکا | C | سون | 10:30 |
| 42 | پێنجشەممە 6/13 | تورکیا× چین | C | سنجام مابۆکۆ | 10:30 |
| 43 | پێنجشەممە 6/13 | ئیتالیا× مەکسیك | G | بیج ئای | 3:30 |
| 44 | پێنجشەممە 6/13 | ئۆکوادۆر× کرواتیا | G | یۆکۆهاما | 3:30 |
| 45 | هەینی 6/14 | ژاپۆن× تونس | H | ناجای | 10:30 |
| 46 | هەینی 6/14 | بەلجیکا× روسیا | H | ئاکوپا | 10:30 |
| 47 | هەینی 6/14 | کۆریای ب× پورتوگال | D | مونهاك | 3:30 |
| 48 | هەینی 6/14 | پۆڵەندا× ئەمریکا | D | دایجۆن | 3:30 |

## قۆناغی دووەم (16) هەڵبژاردە




| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | شەممە 6/15 | یەکەمی گروپی (5)× دووەمی گروپی (2) | سیوجوبیو | 10:30 |
| 2 | شەممە 6/15 | یەکەمی گروپی (1)× دووەمی گروپی (6) | نیگاتا | 3:30 |
| 3 | یەکشەممە 6/16 | یەکەمی گروپی (6)× دووەمی گروپی (1) | ئۆئەی تی ئایە | 10:30 |
| 4 | یەکشەممە 6/16 | یەکەمی گروپی (2)× دووەمی گروپی (5) | سون | 3:30 |
| 5 | دووشەممە 6/17 | یەکەمی گروپی (7)× دووەمی گروپی (4) | جیونجو | 10:30 |
| 6 | دووشەممە 6/17 | یەکەمی گروپی (3)× دووەمی گروپی (8) | کوپی | 3:30 |
| 7 | سێشەممە 6/18 | یەکەمی گروپی (8)× دووەمی گروپی (3) | میاجی | 10:30 |
| 8 | سێشەممە 6/18 | یەکەمی گروپی (4)× دووەمی گروپی (7) | دایجیون | 3:30 |

## قۆناغی هەشت

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 9 | هەینی 6/21 | براوەی یاری (5)× براوەی یاری (7) | شیزۆکا | 10:3<br>0 |
| 1<br>0 | هەینی 6/21 | براوەی یاری (1)× براوەی یاری (3) | ئۆلسان | 3:30 |
| 1<br>1 | شەممە 6/22 | براوەی یاری (2)× براوەی یاری (4) | جوانجیون | 10:3<br>0 |
| 1<br>2 | شەممە 6/22 | براوەی یاری (6)× براوەی یاری (8) | ناجای | 3:30 |

## قۆناغی پێش کۆتایی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1<br>3 | سێشەممە 6/25 | براوەی یاری (10)× براوەی (11) | سیئو<br>ل | 3:30 |
| 1<br>4 | چوارشەممە 6/26 | براوەی یاری (9)× براوەی یاری (12) | سیتام<br>ا | 3:30 |

## یاریی سێیەمیی و چوارەمیی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1<br>5 | شەممە 6/29 | دۆڕاوی یاری (13)× دۆڕاوی یاری (14) | دایجو | 3:00 |

## یاریی کۆتایی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | یەکشەممە 6/30 | براوەی یاری (13)× براوەی یاری (14) | یۆکۆهاما | 3:00 |